Kurdistannet كوردستان نێت

# هونەرمەندانی کەرکووک..و..ئازارە بێ کۆتایی یەکان

ئاشتی گەرمیانی .......... !

من هەر وام وتووە .. ئابێ ئاڤی کردنەوەی هونەرمەندانی کوردستان لە کەرکووکدا دووبارە بێتەوە. بە دوو جەمسەری جیاواز هەر چەندە لە مێژوە هونەرمەندانی کەرکووک. بوون بە خۆراکی دوو پارتی سیاسی.. بەلام مانای ئەوە نی یە کە دوو پارتی کوردی هەلەن. یان سەندیکاو کۆمەلەی هونەرمەندانی رابردوو هەلە بێ لە دەست نیشان کردنی داهاتوویان. من تەماشای ناکامی وە دەست هێنانی هاوچەرخی هونەر دەکەم کە بەرەو چ ئاستێك دەروات.

شاری کەرکووک لەوەتی من بەیادم بێت . وە هەوالم لەسەری زانیبێ هەردەم لێهاتووی چاکی لێ هەل کەوتووە.وە کەم لەو شارە دا ماوەتەوە واتە گەورە بووی شارەکە بوە و پاشان بە هۆی کۆمەلێك کێشەی جیا جیاوە لەو شارە ریشە کێش کراوە ئیدی یان لە هەولێر گیرساوەتەوە یان لە چەمچەمال و سلێمانی یان روویان لە بەغدا کردووە یان زۆرە ملیەکەی رژێمی لە گۆر نراو بەرەو خوارووی عێراق براوە. بەلام هەر لەسەر کەرکووک ژمێردراوەو بە پەناهەندەیی ناوخۆی لە قەلەم دراوە زەبرومەندی ئەمسەرو ئەوسەری رۆشنبیری کوردی یان کەلتووری کورد هەر هونەرمەندان و رۆشنبیرانی شاری کەرکووک بووە. چونکە لە لایەك سیاسەتی رژێمی لەناو چوو.. وەبە تەعریب کردنی هەیکەل عەزمی مرۆڤی کورد لە کەرکووکدا. ئەنجامی ئەو ژیانە تالەیە کە دوێنێ وئەمڕۆ و سبەینێ لە کەکووکی دل و قودسیەت و بیبیلە چاو دا دەبینرێ.گیانی پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و خۆیەخت کردن وهەردەم ئامادەیی بۆ راکردن و وێران کاری.. کەرکووکی بوە یان گەرمیانی بووە.. من ناڵێم کوردستان یان جێگایەکی تر .. کەم زیان بووە ئەخێر بەپێچەوانەوە شێرکۆ بێکەسی هەلبەستوان دەلێ.. ئەگەر لە زاخۆوە تا بەسرە هەل کێلی ئەوا هەمووی ئێسك و پرۆسکی مرۆڤی کوردە.. هەر ئەم شارەشە بازرگانی تەواوی پێوە دەکرێت وە لەسەر حیسابی هەژاریکی سەر پردی خاسە یان شۆرجە. بە هەزارەها و ملیۆنەها دۆلاری چاو سەوز وەرگیرا بۆ ئاوارەیی کەرکووك لە ئەوروپا و وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئوسترالیا و ئەسکەندەنافیا...... کەچی یەشتان .. ئاوارەی کەرکووك لەناو کەرکووك ئاوارەیە.. شەقام و دیوارەکانی خانووە قورەکان و رەحیم ئاوا هەر وەکو خۆیەتی..

عەبدولا پەشێوو ووتەنی ئاو جەرگم هەلا هەلا دەبێ کە کوردێکی هەژار دەبینم ..... هەژاری کەرکووك دەروازە دەکات لە سلێمانی و هەولێر..یان هەر دەبێ تا مردن بە واستە خەلك دا بمەزرێت.. و ئەوانی تریش.. بەبێ ئیمزا..

رەنگ دانەوەی ئەو ژیانە سەختە.. وا لە فۆرم و دەم و چاوی ئەو تابلۆیانەیە کە هونەرمەندانی کەرکووك دەیکێشن چ لە دەرەوەی کوردستان یان لە ناوەوەی کوردستان بەتایبەت لە کەرکووك خۆیدا. ئەو تابلۆیانەی کە بە لا رووچکەی کەڤالەکانەوە تا ئێستاش نە کەس تەماشایان دەکات وە نە کەسکێکیش هات بیانخوێنێتەوە.

هونەرمەندانی کەرکووك لێهاتوویی و دەست رەنگینی باشی لێ هەل کەوتوە.. بەلام بەداخەوە.. بانگەوازی پارتە کوردیەکان لە کەرکووکدا بۆ دیموکراتی زۆر هەژارانەیەو زۆریەی هەژاران و پەناهەندەکانی جێگایانی تیادا نابێتەوە.

زۆر پێویستە نەك ئاور بەلکو مافی زیاتری هاوولاتی کورد لە کەکووکدا بەرجەستە بکرێت.. وە ژیانی هونەرمەندانی کورد لە کەرکووکدا دابین بکرێت.. با ئەبێ بە ئازارە بێ کۆتایەکان ....

